# مەی....شەرابێکی سیاسی

## کارزان گلی

ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، دەرهاویشتەی بارودۆخ و هەلومەرج و بکەری سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراون، زۆرن ڕووداوە دەگمەنەکانی مێژوو کە بەوریایی سیناپۆریەکەی دیاریکراوە و دەرەنجامەکانی لە بەرژەوەندی بەرەیەك کۆتایی پێهاتووە کە لە سەرەتادا پلانی بۆ داناوە جا چ لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان بێت یان ڕۆژئاوایی سیاسەت لە گەمەکانی خۆی بەردەوامە و هاوکێشەکان سەراوژێر دەکات.

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا پرسی سوتانی سەنتەرەکانی مەساج و مەیخانەکان بۆتە یەکێك لەو بابەتانەی کە دەکرێت دیبسانەوە ڕادەی کراوەیی پارتەکانی ئۆپۆزۆسیۆن و دەسەڵاتی پێ بپێوین، جگە لەوەی ئەوەی بەدەرخستووە کە هێشتا کولتوری یەکتر قبوڵکردن و دانان بە جیاوازیبوون وەك مافێك نەبۆتە حاڵەتی ئاسایی و بەرگریکاری تایبەتی خۆی هەبێت، بکەرەکانی ئەو ڕووداوە پاساوی حەرامبون و دووربوون لە دابونەریت بۆ ڕاستی هەڵوێستەکان دەخەنەڕوو، ئەو کەسانەشی کە بەرگری لە مافی ئەو کەسانە دەکەن کە مافیان خوراوە پێیانوایە کە ئەمە دەستدرێژیکردنە بۆ سەر مافی هاوڵاتییە مەسیحی و ئێزیدییەکان.

لە کۆمەڵگای مۆدێرن و ئەو وڵاتانەی کە دەسەڵات دیموکراسییە، جیاوازی قبوڵکردن سیمایەکی گشتییە و کەس ناتوانێت سنووری کەسی دیکە ببەزێنێت.

ئەو کەسانەی کە هێرشیان کردۆتە سەر ئەو سەنتەر و مەیفرۆشانە، بە هەر ئامانجێك ئەنجامیانندابێت، هەڵگری شیکردنەوەی جیاوازە و ئەو بەرەیەی کە لەپشت ئەم پرسەوەیە بەم ڕەفتارە سودێکی سیاسی مەزن بە دەست دەهێنێت؟ بۆچی؟

بە حوکمی ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی ئایین و وێناکردنە ئایینییەکان بەشێکی گرنگە لە پێکهاتەی کەسایەتی و ڕەفتاریان، مەی وەك شەرابێك بە یەکێك لە شەرابە

تاپۆکراوەکان دادەنرێت، کاتێك ئەو کەسانەی ئاگریان لەم سەنتەرانە بەردا بە ویژدانێکی بلێسەدارەوە کارەکانیان دەکرد و سڵیان لە هیچ یاسا و نۆرمێك نەدەکردەوە و بیریان لەوە نەدەکردەوە خاوەنانی ئەو شوێنانە هاووڵاتی ئەو وڵاتەن و مافی ئاسایی خۆیانە بە شێوازی خۆیان بژێوی ژیانیان بە دەست بکەوێت و بژین، مافی خۆیانە پارێزراو بن و کەس نەتوانێت دەستدرێژی بکاتە سەر مافەکانیان، ئەو دیاردەیە دەرهاویشتەی ئەو گوتارە ئەویتر رەتکەرەوەیە کە ساڵاهایە نووسەر و رۆشنبیرانی کورد کۆمەڵگای کوردیان لێی ئاگادارکردۆتەوە، کە میبنەرەکان هیواش هێواش بەگوێرەی ئەجێندای ئاراستە توندڕەوەکان کار دەکات و کۆمەڵگایەکی نالێبوردەیی کار دەکات، ئەو گوتارە جیاوازییەکی قوڵ دادەنێت لە نێوان منی فریشتە و ئەویتری شەیتان و سەرچاوەکانی شەر و کارەساتەکان، جیاوازی دەکەن لە نێوان ئێمەی بە ئەخلاق و ئەوانیتری دوور لە بەهاکان ئەمەیە دەرهاویشتەکانی.

حکوومەت لە هەموو وڵاتێك لەسەری پێویستە بەرگری لە هەموو دەنگ و رەنگە جیاوازەکان بکات و فەزایەك دروست بکات کە هەموو گروپ و توێژەکان بە جیاوازی باکگراوندی ئایینی و سیاسیان بتوانن بە ئاسایی ژیان بەسەر بەرن، سووتانی ئەو شوێنانە پارتەکانی دەسەڵاتداریان خستۆتە ئەو بارودۆخەی کە لە بەردەم کۆمەڵگایەکی نەرتیی و دیندار بەرگری لەو توێژ و گروپانە دەکات کە لە گوتارەکانیاندا تاوانباریان دەکەن بە لادان لە بەها مرۆییەکان، بەم هەڵوێستە چەندین گروپ و توێژی جیاواز بکەنە قوربانی بۆ ئەوەی بتوانن لە سندوقەکانی هەڵبژاردن ژمارەی دەنگدەرانیان زیاد بکەن، دەبێت دەسەڵاتی کوردی وریا بێت لەوەی کە ئەم بارودۆخە مەبەست لێی دزێوکردنی رووی دەسەڵات و بێزراوکردنییەتی، لەوکاتەی کە دەسەڵات ئەرکێکی سەرەکییەتی بەرگری لە هەموو چین و توێژەکان بکات.

مەی لێرەدا بۆتە کراسێك و ئەوانەی کە شوێنەکانیان سوتاندووە دەیانەوێت بەهۆیەوە بگەن بە دەسڵات و ئەوە لە خەڵك بگەیەنن کە دەسەڵاتی کوردی بەرگری لە مەیخۆر و مەیفرۆش و سەنتەرەکانی مەساج دەکات و کۆنەستی ئایینیان بوروژێنن و مەسەلەکە لە مافی ئەوانە لە ژیان و

**کارکردن و ئەرکی هەموو دەسەڵاتێك لە بەرگریکردن لە مافی هەموو بەرەیەك بگۆڕن بۆ مەسەلەیەکی سیاسی و سودێکی دیاریکراویان لێ بەدەست بکەوێت.**